www.kurdistannet.org

11:38 15-9-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەو کوردانەی کەلە17ی سێپتەمەر لەهەڵبژاردنی وولاتی سوید پاڵێوراون بۆ پۆستی جیا جیا... لیستی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید



من شیلان عبدلرحمان مجید خەڵکی کوردستانم لەشاری سلێمان
هاتومەتەدنیاوەتەمەنم 29 ساڵەبۆ ماوەی 6 ساڵەلەسوید
لەشاری یتۆبۆری دەژیم شومکردووە کچ وکورێکم هەیە
هەمو ژیانم لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی وکاری سیاسی
بەسەربردووەخوا یاربێت بەردەوام دەبم.
کا ری ئێستام
1/ خوێندکاری دواناوەندیم.
2/ لەدەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی سۆسیال دیموکراتی کوردیم.
3/ بەرپرسی کۆمەڵەی کوردیم لەیتۆ بۆری کەئەندامی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکوردیەکانەلەسوید لەوبوارەدا کار بۆ گەنجان و ئافرەتان دەکەم.
4/ ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی ڕێکخراوی ئتۆبۆری پارتی دیموکراتی کوردستانم لەسوید.
5/ پاڵێوراوی هەرێمی ڕۆژئاوای سویدم لەیتۆبۆری (ژمارە31) لەلیستی سۆسیالدیموکراتی سوید بەو هیوایەم کەدەنگم پێبدەن وەک کچەکوردێکی دڵسۆز بۆ خاک و گەلەکەی.
لەکۆتایی پەیامەکەمدا زۆر سوپاسی ئەوبەڕێزانەدەکەم
کەدەنگم پێدەدەن.

---



من شادیەحەیدەری خەڵکی کوردستانم لێرەلەولاتی سوید
زانکۆم تەواو کردووەماوەی 20 ساڵەلەسوید دەژیم
هەروەها مێردم هەیەلەگەڵ دوو منداڵ
وەبەکاری کۆمەڵایەتی وسیاسی سەرقاڵم.
کاری ئێستام
1/ بەرپرسی ناوچەیەکم لەشاری یتۆبۆری
2/ بەرپرسی کۆمەڵەی یەکێتی ژنانم لەیتۆبۆری
3/ پاڵێوراوی سۆسیال دیموکراتم بۆ پەرلەمانی سوید لەیتۆبۆری (ژمارە14) م
دەنگی هاولاتیان جێگای سەربەستیمە

---



من دیاکۆ شێخ ئاغایی خەڵکی کوردستانم لەتاران قانونم
تەواوکردووەژنم هەیەهەروەها دوو منداڵیشم هەیە
هەمو تەمەنم لەگەڵ کاری سیاسی وەکۆمەڵایەتی

www.kurdistannet.org

15-9-2006 11:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەسەر بردوەزیاد لەیەک بەرپرسایەتیم لەئەستۆیە

ئێستا پاڵێوراوی سۆسیال دیموکرات بۆ ئەنجومەنی شارەوانی

یتۆبۆری لیستی نۆردۆست (ژمارە 11) م

چاوەروانی دهنگی هاوڵاتیانم